# هێدستی واقیعی- مەجازی لینۆڤۆ



لە پیشانگای ساڵانەی cesدا کۆمپانیای لینۆڤۆ، کۆمەڵێك بەرهەمی خستەڕوو کە سەرنجی شارەزایان و بەکارهێنەرانی بواری تەکنەلۆژیای بۆ لای خۆی راکێشا..

هێدستی واقیعی مەجازی لینۆڤۆ کە بە (Lenovo mirage solo) ناسراوە، هێدستێکی سەربەخۆیە، لە پلاتفۆرمی دی دریمی گوگل سوود وەردەگرێت. گرنگی هێدستەکە لەوەدایە لە بەکارهێنانیدا پێویستی بە موبایل ناکات، چونکە دوو کامێرای تێدایە بەهۆیەوە دەتوانی بەبێ گرفت و ترس لە کەوتن و پێکەوتن بڕۆی، واتە هەم سەیری ڤیدیۆکانی ناو هێدستەکە بکەی و هەم بە ڕێگاشدا بڕۆی.

رامی هێدستەکە ٤ گیگابایتە. میمۆری ناوخۆی ٦٤ گیگابایتە و دەکرێت هەتا ٢٦٥گیگاش بۆی زیاد بکەی. شاشەکەی ٥,٥ ئینجە. کێشەکەی ٦٤٠ گرامە.

## ڕۆبۆتێکی گرنگ بۆ دوو ئەرکی جیاواز



چەند ساڵێك لەمەوبەر، پسپۆرانی بواری تەکنەلۆژیا باسی سەردەمی ڕۆبۆتیان کردبوو، پێشبینی مەترسییەکانیشیان کردووە، پێدەچێ ڕۆبۆتەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هاوکاری مرۆڤ بن و هەندێك جاریش زیانیشیان هەبێ..

کۆمپانیای (Segway Robotics) لە پیشانگای ساڵانەی CES2018دا ڕۆبۆتی (loomo)ی خستەڕوو. کە دەکرێت وەك ڕۆبۆتێك هاودەم وهاوکارت بێت و هەم دەکرێت وەك ئامێرێکی سواربوون بەکارهێنەرەکەی بۆ مەودای کەم هەڵبگرێت..

کاتێك بەکارهێنەرەکەی لە ڕۆبۆتەکە دادەبەزێت، بەشی مۆنیتۆری ڕۆبۆتەکە دەسووڕێت و شێوەیەکی ڕۆبۆتی بەخۆوە دەگرێت. ئەم ڕۆبۆتە جگە لە فیلم هەڵگرتنەوە، دەکرێت وەك چاودێر و پاسەوانیش ئەرکی پێبسپێردرێت، کۆمپانیای بەرهەمهێن پێیوایە ئەم ڕۆبۆتە دەکرێت بۆ هەڵگرتنی کەل و پەل لە سوپەرمارکێتەکان سوودی لێوەربگیردرێت. ڕۆبۆتەکە بە سیستەمی ئەندرۆید کار دەکات، بەکارهێنەر دەتوانێت زیاتر پرۆگرامی بۆ دابنێ.



## سێ شاشە لە یەک شاشەدا کۆدەکاتەوە



یەکێك لەسەرنج ڕاکێشترین ئەو ئامێرە تەکنەلۆژیانەی لە پیشانگای ساڵانەی CESدا خرایە ڕوو، ئامێری ROG Bezel-free بوو، بەهۆی ئەوەوە دەکرێت سێ شاشە بکرێت بە شاشەیەکی گەورە. بەبێ ئەوەی کە مەودای شاشەکان دەربکەوێت و هەستی پێبکرێت.

ئەم ئامێرە زیاتر ئەرکی نەخشەسازەکان، ئەوانەی کاری گرافیکی دەکەن و هەروەها ئەوانەی خەریکی گەمەی ئەلکترۆنین بە سوودە.

لە ئامێری ئاماژە بۆ کراودا، شریتی لێنزی هەیە کە بە دانانی لەلای یەك لە شوێنی پێك گەیشتنی شاشەکان وا دەکات هیچ مەودایەك لەنێوان شاشەکان نەبینردێ..

ئەم ئامێرە جگە لەو شوێنانەی ئاماژەم پێدا، دەکرێت لە هۆڵەکانی وانەوتنەوە، شوێنی فێرکارییەکان سوودی لێوەربگیرێت..

## کۆمپیوتەری توانا بەرز و قەبارە بچووک

لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا هەوڵ دەدرێ قەبارەی ئامێرەکان بچووك بکرێنەوە کە هەم بۆ هەڵگرتن گونجاو بن، هەم کارکردنیان ئاست بەرز بێ..

کۆمپانیای MSI لەم دواییەدا دوو جۆرە کۆمپیوتەری بچووکی بەناوەکانی Cubi 3 Silent و Cubi 3 Silent S)) بەرهەم هێناوە، کۆمپیوتەرەکان چوارچێوەیەکیان لە ئەلۆمینیۆم دروستکراوە. هەردوو جۆرەکە قەبارە و ستایلیان وەك یەکە و تەنیا چەند جیاوازییەکی بچووکیان هەیە. کارتی گرافیکی کۆمپیوتەرە بچووەکان HD ئەنتەلە و بەهۆی کێبڵێکەوە بە مۆنیتۆری جۆری K٤وە پەیوەند دەدرێن. هاردەکەی لە جۆری SSDیە و دەکرێت لەگەڵ هاردیسکی جۆری HDD جێگۆڕکێیان پێبکرێ..





## گۆڕانکاریی نوێ لە ئالیاری تەلەڤزیۆندا

ئالیاری تەلەڤزیۆن ساڵیانی ساڵ بریتیبە بووە لەو پارچە کانزایەی کە لەسەربان دادەنرێ و وایەرەکی پێوەدەکرێ، جا شێوەی بازنەیی بێت یان چەند پارچەیەکی ئەلۆمنیۆم..

ئالیاری تەلەڤزیۆن ئەگەر لە شوێنی بەرز نەبێت ناتوانێ شەپۆلەکانی کەناڵەکان وەربگرێ.. لەم دواییە ئالیارێکی تیڤی لە پیشانگای ساڵانەی CESدا خرایەڕوو کە جیاواز لە گشت ئالیارێك..

ئالیاری جۆری Channel Master کە هی کۆمپانیای Smartenna+یە.. شێوازی وەرگرتنی شەپۆلی کەناڵە تییڤەکانی لەگەڵ هی ئالیارە کلاسییەکان جیایە. ئەم ئالیارە پێویست ناکات لە شوێنێکی بەرز دابندرێ، لەکاتی دانانیشی وەك ئەوە وایە حەوت ئالیارت دانابێ و پێویست ناکات بۆ هەر تەلەڤزیۆنێك ئالیارەکە بسوڕێنی.. بە داگرتنی دوگمەیەك ئیدی هەموو کەناڵە تەلەڤزیۆنەکان بەباشی و بەبێ گرفت دێنی و هیچ بەربەست و لەمپەرێکیش نابێتە کۆسپ لە ڕێگای وەرگرتنی شەپۆلی کەناڵەکان..



# کامێرایەکی ١٠٠ میگا پیکسلی به توانایەکی زۆرەوە

لەم سەردەمەدا کە باسی بەرهەمهێنانی کامێرای سەد میگاپیکسلی دەکرێت رەنگە ئەو گرنگیەی جارانی نەبێت و جێگای چاوەڕوانی بێت، بەڵام کامێرایەك بێت توانای وێنە گرتنی سەد میگاپیکسلی و تۆمارکردنی ڤیدیۆ بە کوالیتی k4 بێت گرنگی هەیە..

کامێرای سەد میگاپیکسلی لە جۆری H6D-100C یەکێکە لە کامێرا سەرکەوتووەکان تایبەت بە کامێراوانی پیشەییە. وێنەگرتن بەو کامێرایە زۆر سروشتیی دێتەبەرچاو. جگە لە وێنەی سەد میگاپیکسلی توانای تۆمارکردنی ڤیدیۆی k4ی هەیە و بە فۆرماتی adobe cinema dng تۆماری دەکات بۆیە لە زۆربەی پرۆگرامەکانی تایبەت بە فیلم دەکرێتەوە. شاشەی کامێراکە لەمسییە و ٣ ئینجە. چەندین جۆر کێبڵی بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە وەك تیڤی و کۆمپیوتەر و مۆبایل هەیە. تایبەتمەندییەکی دیکەی کامێراکە ئەوەیە بە پرۆگرامی phocus دەتوانی لە رێگای دوورەوە بە ماك یا ویندۆز کۆنترۆڵی بکەی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت دەمەوێ هەندێك لە ماڵپەڕەکان کە بەڕای خۆم شیاوی ئەوە نین ئەندامانی دیکەی ماڵەوە سەیریان بکات فیلتەر بکەم، بۆ ئەم مەبەستە چ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر رێگا و شێواز هەن بۆ فیلتەرکردنی ئەو سایتانەی کە نیازت نییە کەسانی دیکە بیان بینن، هەر لە خودی کۆمپیوتەرەکەی تۆشدا ئەوە هەیە، بەڵام ئاسانترین رێگا بەکارهێنانی پرۆگرامۆکەی Block Site کە بە ئاسانی لە گوگل دەستدەکەوێت و کە داتبەزاند دەکەوێتە ناو گوگل کرۆمەوە، دوای ئەوە چ سایتێك کە حەزت لێیە فیلتەر بێت بەو پرۆگرامە بچووکەی دەناسێنی...



# لاپتۆپ- تەبلێتێکی ناوازە

چەند ساڵێکە لاپتۆپی دوو ئەرکە واتە هەم لاپتۆپ و هەم تەبلێت کەوتوونەتە بازاڕەوە، یەکێك لە سەرکەوتووترین لاپتۆپ- تەبلێتەکان کە بەم دواییە لەلایەن کۆمپانیای HPیەوە بەرهەم هاتووە. لاپتۆپی جۆری HP ZBook x2یە. کە بە یەکەم کۆمپیوتەری جۆری Workstation دەناسرێ.

لاپتۆپەکە زیاتر بۆ ئەوانەیە کە کاری پیشەیی دەکەن وەك، دیزاینەران و هونەرمەندان و نەخشەسازان.. کاتێك شاشەکە جیادەکەیەوە تەبێتە تەبلێتێکی ١٤ ئینجی لەمسی بە کوالیتی زۆر بەرز..

لەگەڵ لاپتۆپ- تەبلێتەکە قەڵەمێکی سمارت هەیە کە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان، قەڵەمەکە زۆر هەستیارە.. لە کۆتاییەکەشیدا پاك کەرەوەیەك هەیە کە بە ئاسانی دەکرێت ئەوەی مەبەستت نییە بیسڕیەوە. کێشی لاپتۆپەکە ٢,٢ ئینجە. دەکرێت لە یەك کاتدا لەگەڵ ٥ شاشە ببەسترێتەوە. سیستەمی ئەمنییەتی زۆر بەرزە، جگە لە پەنجەمۆر ناسینەوەی روخساریشی تێدایە.

کارتی گرافیکی بەرزی هەیە و رامەکەی ٣٢ گیگابایتە و هاردەکەی ٢ ترابایتە. باترییەکی بەهێزی هەیە هەتا ١٠ کاتژمێر دانابەزێت. هەروەها بە تەڕبوون و تۆزوخۆڵ تێکناچێت.



# له ٢٠١٨ گۆڕانكاری له TVدا روو دەدا

له ده ساڵی رابردوودا، ساڵ به ساڵ گۆڕانكاری له جیهانی تەلەڤزیۆندا روویداوه، لە شاشەی پلاسیماوه بگره بۆ LCD و LED و لەم دواییەشدا OLED.. لەم ساڵیشدا هەردوو كۆمپانیای كۆریایی LG و سامسۆنگ هەوڵ دەدەن به یەكجاری گۆڕانكاری جیدی له له تەلەڤزیۆندا پێك بێنن و تەلەڤزیۆنێك بخەنە بازاڕەوه كه به ویستی بەكارهێنەر بچووك و گەوره بكرێتەوه، كۆمپانیای LG لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨دا تەلەڤزیۆنێكی قەواره ٦٥ی خستەڕوو، كه به ویستی بەكارهێنەر سایزەكەی بچووك و گەوره دەبێتەوه.. شاشەكه لە جۆری OLEDیە.. راست وەك پەردەیەك دەچێت دەچێتەوه پاڵ یەك.. ئەوكاتەی كه بۆ نیوه بچووك دەبێتەوه دەبێتە شاشەیەك كه كەش و هەوای ژوور و دەرەوه، كاتژمێر، ئاكامی یارییە وەرزشییەكان نیشان دەدات..



## سایتێک بۆ دەستکاری کردنی ڤیدیۆ

پرۆگرامێكی زۆر هەیە كە تایبەتن بە دەستكاری كردنی ڤیدیۆ، بەڵام جار هەیە لە كۆمپیوتەرەكەتدا هیچ كام لەو پرۆگرامانە نین. سایتگەلێكی زۆریش هەیە كە ئۆنلاین دەتوانی بۆ دەستكاری كردنی فایلی ڤیدیۆیی سوومید لێوەربگری.. یەكێك لەم ماڵپەرانە، ماڵپەڕی www.kapwing.com. لەم سایتەدا دەتوانی فایلە ڤیدیۆییەكان بۆ تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ئامادە بكەی و هەروەها دەتوانی ژێرنووسیش بە فایلەكانەوە زیاد بكەی. هەر ئەوەندە بەسە كە فایلە ڤیدیۆیەكان لەم سایتەدا دابەزێنی و پاشان تۆڕە كۆمەڵایەتییەكەی خۆت وەك فەیسبوك یان ئینستاگرامی بۆ دیاری بكەی...

## پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی یەکجاری پرۆگرامەکان

ئەوانەی كۆمپیوتەر بەكاردێنن رەنگە بۆیان گرنگ نەبێت كە پرۆگرامێك بەكار بێنن بۆ سڕینەوەی پرۆگرامەكان دەڵێن ئەوەی بۆ چییە دەچینە كۆنترۆڵ پەنەڵ و لەوێدا پرۆگرامی مەبەستمان دەسڕینەوە، بەڵام لەراستیدا بەم جۆرە نییە، سڕینەوەی پرۆگرامێك جار هەیە كێشەی زۆری هەیە، رەنگە پرۆگرامەكە بسڕیەوە، بەڵام فایل و لق و پۆپەكانی پرۆگرامەكە بەتەواوی ناسڕێنەوە.. بۆ سڕینەوەی پرۆگرامێك بە یەكجاری پێویستە پرۆگرامی Total Uninstall Pro بەكار بێنی.. ئەم پرۆگرامە گرفتی نەسڕینەوەی پرۆگرامەكان بەشێوەیەكی باش چارەسەر دەكات.

لەم پرۆگرامەدا بەشێوەیەكی روون چۆنییەتی سڕانەوەی پرۆگرامەكان نیشان دەدات. شێوازی سڕینەوەی پرۆگرامەكان بە دوو جۆرە، بە شێوازی گرافیكی نیشانی دەدات كە فایلەكانی پرۆگرامەكە لە كوێ خزاون و چۆن دەیانسڕێتەوە.

شێوازی دووەم كاتێك بەكارهێنەر گشت فایلەكانی پرۆگرامەكە دەبینێ خۆی دەستنیشانی دەكات چۆنی بسڕێتەوە.. هەروەها دەتوانرێ جارێكی دیكە پرۆگرامە سڕاوەكە بەهۆی پرۆگرامی Total Uninstall PrO بهێنێتەوە.

